# بۆ باوکان و دایکان ..٥٢ مامۆستا بۆ پەروەردەکردنی منداڵان

[ به کوردی ]

# 52 معلماً في تربية الأبناء للآباء والأمهات

[ باللغة الكوردية ]

إعداد: القسم العلمي بدار الوطن
ئامادەکردنی: بەشی زانستی دەزگای(دار الوطن)بۆ بڵاوکردنەوە

وەرگێڕانی: دایکی لینە
الترجمة: أم لينة الكردية

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# بۆ باوكان و دایكان ..٥٢ ماموستا بۆ پەروەردەكردنی منداڵان

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار، سەڵات و سەلامیش لەپێغەمبەری خۆشەویست و یارو یاوەرانی...

ئەمەچەند خالّێكی كورت و خێرایەبناغەو مەشخەڵەكانی پەروەردەكردنی منداڵان لەئیسلامدا لەخۆ دەگرێ... داواكارین بەپشتیوانی خوای پەروەردگار ببێتەجێگەی سوودوڕەزامەندی باوك و دایكانی خۆشەویست.

(1) منداڵەكەت فێری كەلیمەی تەوحید (لا اله الا الله محمد رسول الله) بكە، با یەكەم شتێكیش كەفێری دەكەیت ئەوەبێ كەخوای گەورەئەیبینێ و گوێی لەقسەیەتی، هەروەها خوای گەورەهەموو هەڵسوكەوتەكانی ئەزانێ و یەك چاو تروكانیش لێی بێ ئاگا نابێ.

(2) لەزەینی منداڵەكەتدا بیچەسپێنەكەخوای گەورەدروستكەرو رۆزیدەرو شیفادەرەو هەرئەویش دەیمرێنێ و زیندووی دەكاتەوە، هەروەها فێری بكەلەهەموو بارێكیدا پەنا بۆ خوای گەورەببات و داوای كارئاسانی و جێبەجێكردنی پێویستییەكانی هەر لەو بكات.

(3) منداڵەكەت لە(كوفرو هاوەڵ بۆ خوا پەیداكردن) ئاگاداربكەرەوە، تێشی بگەیەنەخوای پەروەردگار بۆ خوا پەرستی دروستی كردووین، كوفرو هاوبەشی بۆ خوا دانانیش مرۆڤ بەرەو سزاو ئاگر دەبات لەرۆژی دوایدا (و إذ قال لقمان لابنه و هو يعظه يا بني لا تشرك بالله، إن الشرك لظلم عظيم) [لقمان:13].

(4) (شەش پایەكانی ئیمان) بەمناڵەكەت بناسێنە (ئیمان بەخوای گەورە، فریشتەكانی، پەرتوكەكانی، پێغەمبەرەكانی، رۆژی دوایی، قەدەر خێری و شەڕی)، هەروەها بنچینەكانی ئیسلامیش (شایەتوومان، نوێژكردن، زەكاتدان، رۆژووی رەمەزان، حەجكردنی ماڵی خوا بۆ یەكێك لەتوانایدا بێ).

(5) (خۆشەویست کردنی پێغەمبەر) ـ صلی اللهعلیەو سلم ـ لەلای مناڵ، هەروەها پەروەردەکردنی لەسەر سیرەی پاك و ڕەوشتەبەرزەکانی پێغەمبەر، ڕاشی بهێنەهەر کاتێك ناوی پێغەمبەری بیست سەڵاواتی لەسەر بدات.

(6) چەسپاندنی(بەهاو ڕەوشتەبەرزەکانی ئیسلام) لەدەروونی مناڵەکەتدا، هەروەها فێری ئادابەکانی ئیسلامی بکە.

(7) وردەوردە(حەڵاڵ و حەرام) بەمناڵەکەت بناسێنە.

(8) ڕاهێنانی مناڵەکەت بۆ (سەردانی کرنی مزگەوتەکان) و ڕێزلێگرتنیان و نوێژکردن تێایاندا، هەروەها پارێزگاریکردنی‌نوێژەکان لەکاتی خۆیاندا.

(9) یارمەتی مناڵەکەت بدەلەهەڵبژارنی(هاوڕێی ڕاستگۆو چاك)، دوورخستنەوەشی لەهاوڕێی خراپ و بەدڕەوشت.

(10) (قورئانی پیرۆز) یان لا خۆشەویست بکە، هانیشیان بدەقورئان تیلاوەبکەن و بیپارێزن و فێریبین و بیری لێبکەنەوە.

(11) شتێك لە(سوننەتی) پاك و ویردەکانی پێغەمبەری خوای فێربکە، وەك ئەوەی فێر ببێ بڵێت: بسم اللهلەکاتی نان خواردندا، هەروەها الحمدللهکاتێك لەنان خواردن تەواو دەبێ، یان لەکاتی بیستنی بانگدا لەدوای بانگ بێژەوەبانگەکەبڵێتەوە، هەروەها ویردەکانی نووستن و لەخەو هەستان، یان چوونەماڵ و هاتنەدەرەوەلەماڵ و.... هتد.

(12) (دادپەروەری) لەنێوان مناڵەکانتدا ڕابگرە، چاکەی کەسیان بەسەر کەسیاندا مەدەو جیاوازی لەنێوانیاندا مەکە.

(13) ئەبێ ئەوەبزانی کەمناڵەکەت چاوت لێدەکات، لەبەرئەوەهەمیشەنموونەیەکی چاکی پێشکەشبکە؛ تا ئەویش وا دەربچێت.

(14) ناردنی مناڵەکەت بۆ شوێنی وەرزشکردن؛تا وەرزشێکی بەکەڵك ئەنجام بدات.

(15) ڕەوشتو(خەسڵەتەجوانەکان) لای مناڵەکەت خۆشەویست بکە؛ وەکو ڕاستگۆیی، ئەمانەت، پاکێتی، ئازایەتی، بەخشندەیی، لێبووردن، بەزەیی، ڕێز، چاکەکردن، هاوکاری، ڕاستێتی، بەختکردن، چاوتێری،... هەروەها هەموو مانا چاکەکانی تریش.

(16) هۆشیارکردنەوەی لەهەموو (ئاکارەخراپەکان)؛ وەکو درۆ، دزیی، ناپاکی، ستەم، غەدر، بەدڕەوشتی، خۆپەرستی، حەسودی، غەیبەت، دووزمانی، فێڵ، هەڵخەڵەتاندن، خراپەکاری،... هتد.

(17) هەر لەمناڵییەوەلەسەر ( پاکوخاوێنی) ڕایبهێنە؛ هەروەها چۆنیەتی دەست نوێژگرتن و نینۆککردن و دەست شۆردنی لەپێش و دوای نان خواردنی فێربکە.

(18) هەر لەمناڵییەوەکچەکەت لەسەر خۆداپۆشین و(حیجاب) و شەرم ڕابهێنە، هەتا لەهەرزەکارییدا لەسەر ئەوەڕابێت، هەرگیز مەهێڵەجلی کورت و تەسك و تەنك یان پۆشاکی کوران لەبەر بکات، ئاگاداریشی بکەرەوە؛ هەر ڕەگەزەجلی تایبەتی خۆی هەیەو لەگەڵ ئەویتر جیاوازە.

(19) کوڕەکەشت لە لاسایی و چاولێکردنیدوژمنانی خوا ئاگاداربکەرەوە؛ تا چاو لەکافران نەکات؛ لەجلوبەرگ و بڕینی قژیان و نامەردییان وخراپەکارییان و جەژنەکانیان و هەروەها هەموو ڕێگاکانی تری ژیانیان.

(20) مناڵەکەت لەهەموو (جۆرەکانی قومار) ئاگاداربکەرەوە، هەروەها یارییەحەرامەکانیشی لێ قەدەغەبکە(هۆی حەرامی یارییەکەشی بۆ ڕوون بکەرەوە)، لەوانەش ئەو یارییانەی ناو کۆمپیوتەر کەناشەرعی تێدایەوەك مۆسیقا، ڕووتی، شیرك، هەروەها یاری پۆکیمۆن کەزانایان فتوای حەرام بوونیان داوە.

(21) بایەخیدان بە(بەهێزکردنی لایەنی رۆشنبیری) منداڵەکەت، ئەویش بەهێنانی کتێبی بەکەڵك و بەرنامەی کۆمپیوتەریی بەسوود، هەروەها ئەو چیرۆکەپڕ مانایانەی کەوادەکات هۆشداری بەمناڵەکەت بدات و شەرعی خوای گەورەش لەبیرکردنەوەیدا رەنگبداتەوە.

(22) مناڵەکەت لەسەر (ڕێزلێگرتنی میوان) ڕابهێنە، هەروەها لەسەر چاکەکردن لەگەڵ دراوسێکانیان و ئازارنەدانیان، مافەکانی باوك و دایکیش فێری مناڵەکەت بکە، هەروەها مافی مسوڵمان لەسەر مسوڵمان، مافی خزم وکەسوکارو دراوسێ و هاوڕێیان و مامۆستایان و... هتد.

(23) مناڵەکەت لەسەر (ڕێزلێگرتنی ڕێگاوبان) ڕابهێنە؛ با بەئارامی و لەسەرخۆیی بەڕێگادا بڕوات، هەروەها ڕێگاوبان پاك ڕابگرێ و پیسی فڕێ نەدات، لابردنی هەرشتێکیش کەزیان بەمسوڵمانان بگەیەنێ وەك دڕك و دارو بەردو ... هتد، هەروەها چاوی لەبینینی شتی حەرام بپارێزێ، ئازاری ئەو کەسانەی بەڕێدا دەڕۆن نەدات، دەنگی بەرز نەکاتەوەو غەڵبەغەڵب و ژاوەژاو دروست نەکات.

(24) چاندنی (خۆشەویستی باوەڕداران) و دۆستایەتی کردنیان لەدڵی مناڵەکەتدا، با دووریش بن و زمان و رەگەزیشیان جیاواز بێ. هەروەها رق بوون لەکافران و دوژمنایەتی کردنیان لەهەموو جێیەك.

(25) مناڵەکەت فێری (سەلام کردن) بکە، هەروەها با پابەندبێ بەسەلامی ئیسلامەوە( السلام علیکم و رحمة اللهو برکاته)، باسی فەزڵی ئەو کەسەشی بۆبکەکەیەکەم جار سەلام دەکات.

(26) لەکاتی یارییکردن و خۆشی و بەتاڵی مناڵەکەتدا بەشداری بکە، ماچی مناڵەکەت بکەو با هەست بەدڵنیایی و دڵ ئارامیبکات، هەروەها دڵی خۆشبکەو شادی بخەدڵییەوە.

(27) (متمانەبەخۆبوون) لەدڵی منداڵەکەتدا بچێنە، تا نەترسێ و هەڵەکانی خۆشی بەئاشکرابێژی بۆت باسبکات.

(28) هەمیشە(نەرمونیانی) لەئامۆژگاری و رێنموویی منداڵەکەتدا بەکاربهێنە، پەناش مەبەرەبەر توندوتیژی هەتا بواری نەرموونیانی مابێ.

(29) منداڵەکەت بەنهێنی ئامۆژگاری بکەو لەبەرچاوی خەڵکی تردا سزای مەدە.

(30) منداڵەکەت لەسەر لێدان ڕامەهێنە، ئەوکاتەسزای تر بەکەم دەزانێ و لەهیچ هەڕەشەیەکی تر ناترسێ.

(31) زیادەڕۆیی لەسزادانی منداڵەکەتدا مەکە، هەروەها زۆر ئاسانکاریش مەبە، بەڵکوو لەنێوان توندی و نەرمیدا بە.

(32) وریا بەلەهەڵبژاردنی سزای گونجاودا؛ وەکو تەریقکردنەوە، قسەداپڕین لەکاتی هەڵەدا، پڕینی بەشێك لەخەرجی رۆژانەی، یان گەڕان و چوونەدەرەوەی ئەو هەفتەیەی لێ قەدەغەبکە، هەروەها لێدانی منداڵەکەت. سزای گونجاویش ئەوەیەکەمنداڵەکەت بۆ ڕاستی ئەگەڕێنێتەوەو ناهێڵێ جارێکیتر هەڵەدووبارەبکاتەوە.

(33) ڕێز لەهۆشیاری و تەمەنی منداڵەکەت بگرە، هەروەها ڕاو بۆچوونەکانیشی، ئەگەر بەلای تۆشەوەهەڵەبێ.

(34) مەشق پێکردنی منداڵەکەت تا (کارامەیی تازە) بەدەستبهێنێ، وەك بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و فێربوونی زمانی بێگانە.

(35) گوێ لەمنداڵەکەت بگرەو قسەی پێ مەبڕە، چونکەئەویش فێری جوان گوێ لێگرتن ئەبێ و قسەبەخەڵك نابڕێ.

(36) بێزاری دەرمەبڕەکاتێك منداڵەکەت پرسیاری زۆرو منداڵانەت لێدەکات و بەڕاستی وەڵامی بدەرەوە، ئەگەر نا ئەوەبەسەلیقەلەپرسیارەئاڵۆزەکانی پاشەکشێ بکەهەتا ڕاوێژ بەکەسی پسپۆڕ دەکەی بۆ وەڵامدانەوەی.

(37) منداڵەکەت فێری (کڕین و فرۆشتن) و پارەوەرگرتن و پارەپێدان و چۆنیەتی مامەڵەکردن بکە، با یارمەتیشت بدات لەئیش و کارەکانتا، ئەگەر کارەکانیشی کورتی هێناو هەڵەی کرد لۆمەی زۆری مەکەو هەروەها بێ هیواش مەبەلێی.

(38) لەچالاکییەجۆراو جۆرەکاندا بەشداری بەمنداڵەکەت بکە، لەقوتابخانەو مزگەوت و گەڕەکدا، وەك ئاڵقەی لەبەرکردنی قورئان، کۆمەڵەی خەیری، فێرکردنی خوێندن و نووسینی عەرەبی، کۆمەڵی گەڕان و زێدەوانی، هەروەها مەڵبەندەکانی هاوین و چالاکییەبەکەڵکەکانی تر.

(39) مناڵەکەت لەسەر (مۆڵەت وەرگرتن) پێش چوونەژوورەوەڕابهێنە، لەکاتی خەوتنیشدا هەر منداڵەبا جێی نووستنی خۆی هەبێ، چاکتریشەکوران و کچان هەریەکەیان ژووری تایبەت بەخۆیان هەبێ.

(40) شێوازی (دووبارەکردنەوە) لەچارەسازی مناڵەکەتدا بەکاربهێنە، پەلەش لەئەنجامەکانی مەکە، ئەگەر کاتی زۆریشی بوێت لەچاکسازی مناڵەکەت بێ هیوا مەبە.

(41) شێوازی فێرکردنی مناڵەکەت با ( پلەبەپلە) بێت، بەپریاری زۆرو جۆراوجۆر فێرکردنی لەسەر شان قورس مەکە، چونکەهەر قۆناغەئەرك و داوای خۆی هەیە، پێغەمبەر( صلی اللهعلیەو سلم) ئەفەرموێ: (مروا أبناءكم بالصلاة وهم أبناء سبع سنين، واضربوهم عليها لعشر، وفرقوا بينهم في المضاجع).

(42) شێوازی (هاندان و ترسان) بەکاربهێنە، هانی بدەئەگەر ئەو کارەچاکەبکەیت ئەوەپاداشت وەردەگری، ئەگەر جارێکی تر ئەو کارەخراپەش بکەی ئەوەسزا دەدرێی، با ئەوەش تاکەشێوازی چارەسازیت نەبێ.

(43) پێویستەوەعدو پەیمانی خۆت لەگەڵ مناڵەکەت بەریتەسەر، بەتایبەتی لەکاتی پاداشت و دیاریدا، بەڵام لەکاتی ترسان و سزاداندا هەندێ جار چاوپۆشی لێ بکە.

(44) بەهێمنی گیروگرفتەکانی مناڵەکەت چارەسەر بکەپەناش بەرەبەر شێوازی گفتوگۆو ڕازیکردن و قایلکردن چونکەئەوەچاکترین و بەکەڵکترین شێوازەلەگەڵ مناڵدا.

(45) خۆشەویستی ئیش و(چالاکی) لەمناڵەکەتدا گەشەپێبدەهەروەها بایەخی گەورەو هەوڵدان بۆ گەیشتن بەمەبەستەگەورەکان، ئاگاداریشی بکەرەوەلەتەمەڵی و بێ غیرەتی و بێ ئومێدی، هەروەها دانەنیشتن تا دەگاتەمەبەستەگەورەکان.

(46) مێژووی سەر بڵندیی خۆی پێبناسێنە، سەروەرییەکانی ڕابردووی و سەرکەوتنەنەمرەکانی کەلەژێر سایەی ئیسلامدا بەدەستی هێناوە، ئەوەش لەبیرو هۆشی مناڵەکەتدا بچەسپێنەکەئەو مێژوو سەرکەوتن و سەروەرییانەپەیوەستن بەدەست گرتن بەبیروباوەڕی ئیسلامییەوە.

(47) دوژمنانی خۆیی و میللەتەکەی پێبناسێنەئەوانەی بێحورمەتی بەمسوڵمانان دەکەن و وڵاتیان تاڵان دەکەن و بەدرێژایی مێژوو خوێنیان دەڕێژن.

(48) مناڵەکەت لەسەر(قەناعەت) و چاوتێری ڕابهێنەوبا بەگوزەرانتان لەخواردن و خواردنەوەو پۆشاك و خانوو... هتد ڕازیبێ، هەروەها ئاگاداری بکەوەبا چاوی لەماڵی خەڵکەوەنەبێ و حەسوودی بەکەس نەبات.

(49) لەهەندێ کاروباردا (ڕاوێژ) بەمناڵەکەت بکە، ئیشیش بەبۆچوونەکەی بکەئەگەر ڕاکەیت بەپەسەند زانی.

(50) کەم کردنەوەی شێوازی (فەرمان) و بڕیار دەرکردن بۆ منالّەکەت. تەنها ئەو شێوازەبەکارمەهێنەو ڕێگای تر بگرەبەر بۆ نموونە: پێت چۆنەئاواو ئاوا بکەی. یان: منداڵەباشەکان ئاوا دەکەن و ئاوا ناکەن، تۆش بێگومان لەمنداڵەباشەکانی، ئەگەر بەو شێوازەتێگەیشت، ئەوسا ئەتوانی ئەوەی پێ بڵێیت کەئەتەوێ ئەنجامی بدات.

(51) ئارەزووەکان و تواناکانی (منداڵەکەت بناسە)، ئامادەیی لەچ بوارێکدا هەیەمادام شەرع رێی پێدابێ هانی بدەو بەزۆرو زۆرکاری بۆ بوارێکی تری مەنێرە.

(52) داوای (کۆمەکی) لەخوای گەورەبکەبۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە، هەروەها نزاو پاڕانەوەی زۆر بۆ هیدایەت و چاکی منالّەکەت بکە، چونکەهیدایەت و رێنموویی هەر لەلای خوای پەروەردگارەوەیە.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى الەوصحبە و سلم.

ئامادەکردنی : بەشی زانستی دەزگای(دار الوطن)بۆ بڵاوکردنەوە ـ ریاض ـ

وەرگێڕانی: دایکی لینە 2008/2/17

ئەم بابەتە لە ماڵپەری خۆشکان وەڕگێراوە